خوای گەورە بەڕەحمترە بەرامبەر بە بەندەکانی زیاتر لە ئەم دایکە بەرامبەر منداڵەکەی

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەندێک سەبی^ هێنرا بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئافرەتێک لە سەبیەکان مەمکەکانی پڕی شیر بوو ودەگەڕا، ومنداڵێکی دۆزیەوە لە نێو سەبیەکان وگرتی، ولکاندی بە سکی وشیری پێبدا، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پێتان وایە ئەمە منداڵەکەی فڕێ بداتە نێو ئاگرەوە؟»، ووتمان: نەخێر، هەتاوەکو لە توانایدا بێت کە فڕێی نەدات، فەرمووی: «خوای گەورە بەڕەحمترە بەرامبەر بە بەندەکانی زیاتر لە ئەم دایکە بەرامبەر منداڵەکەی».
^(سەبی: واتە ئەو ئافرەتانە ومنداڵەکانیان کە بەشدارن لە جەنگدا دژ بە مسوڵمانان ولە پاش جەنگەکە وەکو دیل گیران)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

هەندێک دیل لە هەوازینەوە هێنران بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئافرەتێک لە نێویان بە دوای منداڵەکەیدا دەگەڕا، بۆئەوەی منداڵەکەی بدۆزێتەوە وبیگرێت وبە شیری زۆری مەمکەکانی شیری پێبدات، کاتێك لە نێو دیلەکان منداڵەکەی دۆزیەوە وگرتی، ولکاندی بە سکی وشیری پێدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە هاوەڵانی فەرموو: پێتان وایە ئەم ئافرەتە منداڵەکەی فڕێ بداتە نێو دۆزەخەوە؟ ووتمان: نەخێر، بە ویستی خۆی هەرگیز فڕێی نادات. فەرمووی: خوای گەورە بەڕەحمترە بەرامبەر بە بەندە مسوڵمانەکانی زیاتر لە ئەم دایکە بەرامبەر بە منداڵەکەی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10095